

## یومنا شری:

# رۆشنبیریی وشارەزایی و جوانیی هۆکاری سەرکەوتنن

زۆربەی کەناڵە عەرەبییەکان پشت بە بێژەر و پێشکەشکارە لوبنانییەکان دەبەستن بۆ جوان کردنی شاشەکانیان، هەروەها لەبەر سەرکەوتوویی و لێهاتووییان لە بواری میدیا، بۆیە دەبینین لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کەناڵە عەرەبییەکان هونەری، وەرزشی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی بێژەر و پێشەشکاری لوبنانی بوونیان هەیە و توانیویانە بوونی خۆیان بسەلمێنن، یومنا شری یەکێکە لە سەرکەوتووترین راگەیاندنکارە لوبنانییەکان، تا ئێستا لە چەندین کەناڵی جۆراوجۆری عەرەبی لە لوبنان و وڵاتانی دیکەی عەرەبی کاری کردووە لەوانەش کوێت، هەروەها جگە لە زمانی عەرەبی بە زمانی فەرەنسیش بەرنامەی پێشکەش کردووە تا ئێستا چەندین جار خەڵات کراوە و چەندین نازناوی تایبەتی بواری راگەیاندنی بەدەستهێناوە

یومنـــا وەك هەر پێشکەشـــکار و بێژەرێکی دیکە، زۆر جار بە ڕێکەوت یـــان وەك حەز و ئـــارەزوو ڕووی لە میدیا و بواری بێژەری کردووە، دەربارەی سەرەتاکانی و چۆنیەتی هاتنـــی بۆ ئەم بوارە دەڵێ:من پســـپۆری و خوێندنم لە بواری راگەیاندن بووە واتـــە هاتنی من بە ڕێکەوت نەبووە بەڵکو وەك حەز وئارەزوو بووە، ســـەرەتا وەك بێـــژەری زمانـــی فەرەنســـی کارم کردووە لە رادیۆیەکی لوبنانی، دواتر رووم لە تەلەفزیۆن کرد و تا ئێستاش بەردەوامم و لە چەندین کەناڵـــی جیاجیا کارم کردووە، من پێموایە سەرکەوت ســـەرکەوتن دەبێتە هۆی بەردەوام بوون و بوونی کەســـی زۆر لەو بوارەی تێیدا کار دەکەم هاندەرێکی زیاتر و باشترە بۆ من تاکو زیاتر هەوڵ بدەم خۆم پێش بخەم و ســـوپاس بۆ خوا تا ئێســـتا خۆم بە سەرکەوتوو دادەنێم.



زۆر جار باس لە مەرجەکانی سەرکەوتنی راگەیاندنکاران دەکرێ و هەر یەکێك بەجۆرێك باس و وەســـفی دەکاتن یومنا لەم بارەیەوە دەڵێت: بە ڕای من ئاســـتی رۆشـــنبیریی بەرز وشارەزایی یەکێکە لە هۆکارە ســـەرەکییەکانی ســـەرکەوتنی هـــەر بێژەرێك، چونکە پێویســـتە بێژەر جا لە هەر بوارێك بێت ئـــاگاداری بەلایەنی کەم هەندێك لـــە وردەکاریەکانی ئەو بوارە بێت کە تێیدا کار دەکات،، هەروەها پێویســـتە بێژەر و راگەیاندنکاری بواری تەلەفزیۆن دوورکەونەوە لە شـــڵەژان، ســـەرکەوتنی بێژەر ئەوەیە لە کاتی وێنەگرتنی بەرنامە کۆنترۆڵی تەواوی بەســـەرخۆیدا هەبێت، هەروەها بەر لـــە تۆمار کردن یان وێنەگرتنی بەرنامە پێویســـتە بێژەر لە گیرو گرفتەکان خۆی دوور بخاتـــەوە نەوەك لە کاتی وێنەگرتن یان پێشـــکەش کردنی بەرنامە یان ئاهەنگدا کۆنترۆڵی بەســـەر خۆیدا نەمینێت کە ئەمەش بە ئاشـــکرا لە بەرنامەکـــەدا رەنگ دەداتەوە، ئەوەی پەیوەستە بە رووخســـار و جوانی بەتایبەتی بۆ بێژەرە ئافرەتەکان پێموایـــە ئەویش تـــا رادەیەك گرنگە، جاری وا هەیە پێویســـتە مرۆڤ جوانکارییـــەك بکات ئەویش ئەگەر زۆر پێویســـت بوو نەك جوانکاری لە پێناو ئەنجامدانی نەشـــتەرگەری، بەڵام لەدوای شـــارەزایی و ئاستی رۆشـــنبیرییەوە دێت، بیریشمان نەچێت هەموو بێژەرێك دەبێ بزانێت چۆن دەربکەوێت لەبەردەم بینەراندا.



ئێستا کاری راگەیاندن بووەتە پیشەیەك و راگەیاندنـــکاران وەك هونەرمەنـــد بە گرێبەست لەگەڵ کەناڵەکان کار دەکەن، دەربارەی ئەم پرســـە و بـــەراورد کردنی گرێبەستی هونەرمەندان و راگەیاندنکاران یومنا دەڵێ:

بێگومان راگەیاندنیش کار و پیشەیە کە ئێمە بژێوی ژیانی خۆمانی لە ڕێگایەوە پەیدا دەکەین، کارێکی نۆرماڵە ئەگەر گرێبەستەکانمان هەندێك مەرجی تایبەتی تێدا بێت کە لە بەرژەوەندیی ئێمەدا بێت، چونکە دەزگا و کەناڵەکانیش سوود لە تواناکانی ئێمە وەردەگرن.



ئەو قســـەیە دوورە لە راستی کە گرێبەستمان گرانتـــر بێت لە هونەرمەنـــدان، بەڵام بیرت نەچێت هەر راگەیاندنکارێك یان بێژەرێك ئەگەر رۆژانە دەرنەکەوێت لەسەر شاشە ئـــەوا بەلایەنی کەمـــەوە هەفتانە زیاتر لـــە جارێك دەردەکەوێـــت و بەرنامەیەك پێشـــکەش دەکات، بـــەڵام گۆرانیبێژان لـــە ئاهەنگـــەکان دەردەکـــەون و هیـــچ هونەرمەندێـــك ناتوانێـــت رۆژانە ئاهەنگ پێشکەش بکات.

یومنا رایوایە هەر کەسێك ئەگەر لە بوارەکەی خۆیدا خەڵات بکرێت ئەوا دەبێتە هاندانێکی زیاتر بۆی، چونکە هەست دەکات کەســـانێك هەن ڕێـــز لە کارەکەی دەگـــرن و لەو کارەی پێشـــکەش دەکات رازیـــن وئەرك و مانـــدوو بوونەکەیان لە پێش چاوە، بۆیە من زۆر دڵخۆشـــم بەو نازناوانەی کە پێم بەخشراون و شانازیشیان پێوە دەکەم.

سەبارەت بە سنووری کار کردنی لەگەڵ کەناڵەکان یومنا دەڵـــێ: من هیچ هیڵێکی ســـوورم نییە، بەڵام لە ژیانی ئاساییدا هەموو مرۆڤێك پێویستە هێڵی سووری هەبێت بۆ ئەوەی خۆی نەیبەزێنێت لە هەمان کاتدا ڕێگا بە کەســـانی تریش نەدات بیبەزێنن، منیش هێڵی ســـوورم هەیـــە لـــە ژیانـــی خۆمـــدا و ناتوانم بیانبەزێنم کـــە ئەویـــش رەنگدانەوەی رەفتار وپەروەردەی منن.

یومنا خـــۆی لەو پرســـیارە بە دوور دەگرێت سەبارەت بە باشترین راگەیاندنکاری لوبنانی وعەرەبی و جیهانی کێن وبە لێبوردنەوە دەڵێ: داوای لێبوردن دەکەم ناتوانم بە ناو دەستنیشانیان بکەم بۆ ئەوەی کەس لە خۆم تورە نەکەم، بەڵام ئێمە لە لوبنان بەتایبەتی و جیهانی عەرەبی بە گشتی خاوەن راگەیاندنکاری زۆر بە توانایین لەســـەر ئاســـتی جیهانیـــش راگەیاندنکاری بەناوبانگ هەیە کە لەسەرتاسەری جیهان ناسراون.

ســـەبارەت بە خۆیشـــی دەڵێ: من ناتوانم بە هیچ شێوەیەك بڕیار لەســـەر خۆم و کارەکانم بـــدەم ئەمە دەبێ بینەران بڕیاری لەســـەر بدەن، چونکە ئـــەوان زیاتر من دەبینـــن و لایەنـــە بـــاش و خراپەکانی من زیاتـــر لای بینەران بە دیـــار دەکەوێت، بەڵام من رۆژانە کاتێکی دیاریکراو بۆ کاری خۆم تەرخـــان دەکەم بۆ ئەوەی بە جوانترین شـــێوە دەرکەوم و بینەران لێم رازی بن ئەگەر رەخنەشیان هەبێت لە پێناو پێشخســـتنی من بێت، بۆ ئەم مەبەستەش رۆژانە زیاتر لە دوو کاتژمێر بـــۆ جوانکاری تەرخان دەکـــەم و زیاتریش جەخت لەســـەر ئەوە دەکەمەوە کە هەمیشە بە زەردەخەنەو دەرکەوم.




# تەقینەوەکانی لوبنان نانسییان شەرمەزار کرد

ئەو رۆژەی کە تەقینەوەکەی ئەم دواییەی بەیروت روویدا، نانسی عەجرەم لە پەیجی تایبەتیی خۆیدا لە تویتەر وێنەیەکی نوێی بڵاوکردەوە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە خەڵك زۆر ئاگایان لەو وێنەیەی نانسی نەمینێت.

لە هەمان کاتدا نانسی رووبەرووی رەخنەیەکی زۆر بۆوە گوایە نانسی ئاگای لە رووداوەکانی وڵات و کوشتنی ژمارەیەکی زۆری رۆڵەکانی وڵاتی خۆی نەماوە و تەنیا گرنگیی بە خۆی دەدات، ئەوەی زیاتر نانسیی دووچاری رەخنە کردەوە ئەو لێدوانانە بوو کە هونەرمەندانی دیکە بڵاویان کردەوە بەتایبەتی ئەلیسا و راغب عەلامە کە راستەوخۆ دوای رووداوەکە بە توندترین شێوە ئیدانەیان کرد و دڵتەنگیی خۆیان و هاوخەمی خۆیان بۆ قوربانیان دەربڕی و هیوای چاکبوونەوەیان بۆ بریندارەکان خواست و ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو هاوکارییەك نیشاندا.



# مەڕوا پروپاگەندە بە باجی سەرکەوتن دادەنێت

مەڕوای گۆرانیبێژ و ئەکتەری لوبنانی دووپاتی کردەوە کە گوێ بە پروپاگەندەی خەڵك و هەندێك لە میدیاکان نادات، چونکە رۆژانە پروپاگەندەی نوێ دەبیستێت و ئەگەر گوێیان پێ بدات و وەڵامیان بداتەوە ئەوا ناتوانێت هیچ شتێك بکات تەنیا دەبێ خەریکی وەڵام دانەوەی ئەم پروپاگەندانە بێت. مەڕوا رایگەیاند ئەو پروپاگەندانە باجی سەرکەوتنن و هەموو هونەرمەندێك دووچاری دەبێتەوە، بەڵام ناکرێ تەنیا خۆی بە وەڵامدانەوەیان تەرخان بکات، ئێستا هەموو کاتی خۆی بۆ کارەکەی تەرخان کردووە چ بە گەڕان بەدوای گۆرانیی نوێ یان کارێکی نوێ، چونکە من کەسایەتیی هونەریی سەربەخۆم هەیە. زۆریش خۆشحاڵە بەوەی کە ئێستا بە یەکێك لە ئەکتەرە ورووژێنەرەکانی سینەمای میسری دادەنرێت و بە هیچ شێوەیەکیش بەمە دڵتەنگ نابێت، چونکە ورووژاندن بەشێکە لە هونەر و منیش بۆخۆم جوانم و ئەو توانایەم هەیە کە ورووژاندن پێشکەش بکەم، سەرەڕای ئەوەش ناتوانم بڵێم لەو بوارە شتێکی بەرچاوم پێشکەش کردووە و هەست دەکەم هێشتا زۆرم ماوە پێشکەشی بکەم زۆریش حەز دەکەم بگەمە ئاستی هونەرمەندی ناوداری میسری هند رۆستەم لە هەموو روویەکەوە. سەبارەت بە پێوەندیی نێوان خۆی و دۆللی شاهین دەڵێ: پێوەندیم لەگەڵیدا زۆر ئاساییە و هیچ ناکۆکییەکمان نییەن بەشداری کردنمان بە یەکەوە لە یەك دراما بەڵگەی ئەوەیە کە پێوەندیمان زۆر ئاساییە و هیچ ناکۆکیمان نییە، خەڵکیش چی دەڵێت بۆ خۆی ئازادە با بیڵێ. مەڕوا دەربارەی گۆرانیی وتنیش دەڵێ: زۆر کەس سەرسامن بە شێوازی گۆرانیی وتنم و ئەو ستایلەی من وەك هیچ گۆرانیبێژێکی دیکە نیم و ناشکرێ ئەو شێوازە بگۆڕم تەنیا لەبەر ئەوەی بە دڵی هەندێك کەس نییە.



# سۆنام کاپوریش دەبێتە باڵیۆز

کچە ئەکتەری هیندی سۆنام کاپور بە باڵیۆزی مارکەی جیهانی جلوبەرگ (SIFW» ٢٠١٣») بەشداریی لە ئاهەنگێکی تایبەتدا کرد کە بەم بۆنەیە لە مۆمبای ئەنجامدرا. لە ئاهەنگەکەدا سۆنام کاپور جیاواز لە دەرکەوتنەکانی پێشووی بە تەنوورەیەکی کورتی سەرنجراکێش هاتە سەر تەختەی شانۆ ئەمەش بووە مایەی سەرسوڕمانی ئامادەبووان کە پێشتر بەم شێوەیە نەیانبینیی بوو، بەڵکو هەمیشە وەك کچێکی موحافیز خۆی نیشانداوە تەنانەت لە فیلمەکانیشیدا هەوڵیدا ئەو سنوورانە نەبەزێنێت کە لەلایەن جەماوەرەوە پێی ناسرابوو، چونکە بەدیە سەوزەکەی زۆر تەنك بوو و بە لەشییەوە دەنووسا ئەمەش وایکرد زیاتر سەرنجراکێش بێت. سۆنامیی تەمەن ٢٨ ساڵ لە ساڵی ٢٠٠٧ لە یەکەم کاری هونەریدا دەرکەوت بەناوی (ساواریا) لەگەڵ ئەکتەری ناوداری هیندی رانبیر کاپور و لە دەرهێنانی دەرهێنەری گەورەی هیندستان سانجای لیلا بهانسالی بوو و لەو کاتەوە بە یەکێك لە ئەکتەرە ناسراو و سەرکەوتووەکانی هیندستان دادەنرێت و لە چەندین فیلمی هیندیدا بەشداری کردووە و یەکێکە لە ئەستێرەکانی بۆڵیۆد.



# یارا : لەخۆبایی نیم، بەڵام شەرمنم

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی یارا لە دیمانەیەکدا باس لە سوارچاکیی خەونەکانی دەکات و دەڵێ: دەمەوێ کەسێکی روح سووك و رۆشنبیر بێت و خۆشەویستیی نێوانیشمان مەرجێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی پێوەندیمان. یارا دەڵێ: وەك هەر کچێك حەز دەکەم ژیانی هاوسەری پێك بهێنم و ماڵی تەنیای خۆم هەبێت و ببم بە دایك و منداڵەکانی خۆم پەروەردە بکەم، سەبارەت بەو کەسەی لە پاشەڕۆژدا دەبێتە هاوسەرم گرنگترین شت بە لای منەوە لە ژیانی هاوسەریێتی ئەوەیە کە منی خۆش بوێ، کەسێك بێت رێزی من و کارەکەم بگرێت و هاوکاریشم بکات لە کارەکەم. یارا لە لێدوانێکیدا دەربارەی ژیانی تایبەتیی خۆی ئاماژە بە چەند لایەنێکی گرنگ دەدات و دەڵێ: من بە هیچ شێوەیەك لەخۆبایی نیم، بەڵام رەنگە شەرمن بم،بۆیە خەڵك ئەو شەرمە بە لەخۆباییی بوون تێدەگەن، ناوبانگ و سەرکەوتنم لە کارەکەمدا خۆشەویستیی خەڵکی پێ بەخشیوم، بەڵام لە هەمان کاتدا وای کردووە کە بەردەوام خەڵکی دەورووبەرم چاودێریم بکەن بەجۆرێك هەموو جووڵانەوەیەکم حیسابی بۆ دەکرێت ئەمەش وا دەکات زۆر ئاگاداری هەموو هەنگاوەکانم بم و بە وردی لێکیان بدەمەوە. یارا دەربارەی بەراورد کردنی لەگەڵ ئەلیسا دەڵێ: ئەلیسا هونەرمەندێکی زۆر سەرکەوتوو و گەورە و چالاکە و خاوەن بەهرەیەکی زۆرە لە هەمان کاتدا هونەرمەندێکی جوانە، من زۆر رێزی دەگرم و رێزی ئەو هونەرە دەگرم کە پێشکەشی دەکات، لە هەمان کاتدا من و ئەو خەڵکی یەك گوندین و بەراورد کردنم لەگەڵیدا مایەی خۆشحاڵییە، بەڵام نامەوێ بەوە تاوانبار بکرێم کە تەقلیدی دەکەم، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی بێزاری و تووڕە بوون و دڵتەنگیم.

# چوارەمین فیستیڤاڵی نا بۆ توندوتیژی کۆتایی هاتی

ساڵانە هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتــی نەهێشــتنی توندوتیژی خێزانی، بەڕێوەبەرایەتی ســینەمای هەولێر فیســتیڤاڵی کورتە فیلمی نا بــۆ توندوتیژی ســاز دەکات و فیلمە بەشــداربووەکانی گوزارشت لە پەیامی نەهێشــتنی توندوتیــژی و یەکســانی جێندەری دەکەن.

بۆ ئەم ساڵیش لە ڕۆژانی ٢٦-٢٠١٣/١١/٢٧ لە هۆڵی پێشەوا چوارەمین فیستیڤاڵی کورتە فیلمی توندوتیژی بە نمایش کردنی ١٨ فیلم ســاز کرا و لە کۆی نزیکەی ٦٠-٧٠ فیلمی هاتوو بۆ فیســتیڤاڵ ئەم فیلمانە هەڵبژێردران دوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتــەوە، هەروەها ئەوەی جیاواز بوو لە فیستیڤاڵی ئەم ساڵ لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو ئەوەیە کە میوانی دەرەوەی هەرێمی نەبــوو و تەنیا هی پارێزگاکانی هەرێم بوون و ماوەی فیســتیڤاڵەکەش تەنیا دوو ڕۆژ بوو بەمەش ژمارەی فیلمە نمایشکراوەکان کەمتر بوو لە ساڵانی ڕابردوو.

لەلایەکــی دیکەوە وەك ڕێز گرتن لــە کار و چالاکی چەند ئافرەتێکی سینەماکار و بۆ زیاتر هاندانی ئافرەتان، لە دەستپێکی فیســتڤاڵدا لیژنەی باڵای فیستیڤاڵ ڕێزی لە چوار ئافرەتی هونەرمەند نا، ئەوانیش بریتی بوون لە: بەیان عوســمان، سوهام حەسەن، جوانە ســەعید و بینا قەرەداغی، وەك ڕێز لێنانێك بۆ بەشداری کردنیان لە کاری نواندن لە فیلم و دراما و شانۆ.

ســەبارەت بــەم ڕێزلێنانە خانمــە ئەکتەری بەیان عوســمان ڕایگەیاند کە ئەم ڕێزلێنانە مایە خۆشــحاڵیی منە و هەوڵێکی بۆ هاندانی زیاتر ئافرەتان بۆ ئەوەی لەم بوارەدا ئەســپی خۆیان تــاو بدەن بەردەوام بن لە کاری هونەر، چونکە لە کوردســتان ئافرەتی زۆر بە توانا هەن ئەگەر بوار و هاوکاری هەبێت و کەسانێك هەبن کە دەســتیان بگرن و تواناکانیان دەربخەن ئــەوا دەتوانن لە بواری نواندن بە گشــتی داهێنانی زۆر بکەن، هەروەها خاتو ســوهام حەسەن ئاماژەی بەوە کرد کە ماوەی چەندین ساڵە لە بواری نواندندا کار دەکات و سەرەڕای ئەو گرفت و ئاســتەنگانەی لەلایەن کۆمەڵگا و خێزانەکەیەوە ڕووبەڕوویان بۆوە ئەو بەردەوام بوو لە کاری نواندن و لە کۆتاییدا بوونی خۆم سەلماند، بۆیە زۆر خۆشحاڵم بەم ڕێزلێنانە.

لیژنەیەکــی دادوەری دانــرا بوو بۆ هەڵســەنگاندنی فیلمە بەشــداربووەکان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان ناســر حەســەن وەك سەرۆکی لیژنە و ئەندامیەتی هەر یەکە لە بەڕێزان خاتوو مهاباد و هونەرمەند محمد عەلی ئەتروشــی و فیلمە بەشــداربووەکان چەنــد خەڵاتێکیان بۆ تەرخان کرا بوو لەوانە، خەڵاتی تایبەتی لیژنــەی دادوەران، و چــوار خەڵاتی تریــش لەوانە خەڵاتی باشترین دەرهێنەر و باشترین سیناریۆ و باشترین فیلم و خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەت، و بە قسەی بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر بۆیە باشــترین ئافرەتیان داناوە، چونکە فیســتیڤاڵەکە تایبەتە بە ئافرەت.

خەڵات براوەکانیش بەمە شێوەیە بوون:

باشترین دەرهێنان سامی کاکە لە فیلمی (دوانیگا)

باشــترین فیلمی دوکیومنتی فیلمی(خاتونی بەدبەخت) لە دەرهێنان خالد حەمەلاو.

خەڵاتی باشــترین ســیناریۆ بۆ ئــۆزگان کوچك لە فیلمی (پەپوك).

باشترین مۆنتاژ بۆ ســۆران ئیبراهیم لە فیلمی (ڕازی بوی یان ڕازی نەبووی).

باشــترین کچە ئەکتــەر بۆ هەڵاڵە حوســێن زادە لە فیلمی کازیوەی لە دەرهێنانی شیرین محەمەد فەرەج زادە

خەڵاتــی تایبەتی لیژنەی دادوەران بۆ باشــترین بیرۆکە درا بە فیلمی (مارە کردنی کچان لەســەر بێشــکە) لە دەرهێنانی تۆفان ئەبوبەکر.





# فیلمێکی کوردی- ئینگلیزی بە تیمێکی پرۆفیشناڵی بەریتانی لە کوردستان وێنەی دەگیرێت

ماوەیەك بوو دەستەی بەرهەمهێنانی فیلمی (من سامی-م) سەرقاڵی ئامادەکاریی بوون بۆ دەستپێکردنی وێنەگرتنی لە کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار سەردانی کوردستانیان کردو لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی و هونەری دانیشتنیان ئەنجامدا بۆ گەیشتن بە باشترین ڕێگا بۆ دەرهێنانی فیلمێك لەسەر ئەو بارودۆخەی لەماوەی رابردوودا بەسەر عێراق و کوردستان تێپەڕی. کورتە فیلمی (من سامی-م)، بەرهەمێکی کوردی –بەریتانییە، بەزمانی ئینگلیزی دەبێت، ئەم فیلمەش تاقیکردنەوەیەکە لە پێناو زیاتر سەرخستنی فیلمی داهاتوو بەناوی (پێڵاوچاوبەست) کە بڕیارە لە بەهاری ساڵی ٢٠١٤ لە کوردستان بەرهەم بهێنرێت. چیرۆکی ئەم فیلمە کە هونەرمەندی ناسراو (کەی بەهار) کاری دەرهێنانی بۆ دەکات، باس لە هاورێیەتی دوو کلتووری جیاواز لە دوو جیهانی جیاواز دەکات، کە دەکرێت ئەو دووانە لە شوێنێك بگەن بە یەك و ببنە هاوڕێ، بەڵام دەکرێت بەربەست لە بەردەمیان دروست نەبێت؟. ئەم چیرۆکە ڕەنگدانەوەیەکە بۆ جیهان، ئەویش بە هاریکاریی وڵاتەکان بە لابردنی ئەو سنوورانەی لە نێوانیاندا بنیادنراوە بۆ بەیەکگەیشتنی گشت چینە جیاوازەکان. (سامی) منداڵێکی تەمەن (١٠) ساڵانەو (ئۆسکار) سەربازێکی ئەمەریکییەو هاوڕێتی لە نێوانیان دروست دەبێت، ئایا دەوروپشتەکەیان ڕێگە دەدات بتوانن ئەو هاوڕێتییە دروست بکەن. لەبارەی ئەکتەرەکانەوە، کەی بەهاری دەرهێنەر دەڵێت: ڕۆڵی ئۆسکار ئەکتەرێکی بەریتانی ناسراو بەناوی (نیك کۆرت) دەیبینێت، هەرچی ڕۆڵی سامی ئەکتەرێکی کورد بەناوی (باوەر نەسرەددین) دەبێت کە یەکەمجارە کاری ئەکتەری دەکات. باوەڕ منداڵێکی کوردە تەمەن ٩ ساڵان توانی لە تاقیکردنەوەی ئەکتەران سەرکەوتوو بێت، کە ماوەیەك بەر لە ئێستا لە گشت شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجامدرا، کەی بەهار زیاتر دەڵێت: باوەڕ لە نێو سەدەها پێشکەشکار بۆ ئەم فیلمە هەڵبژێردرا، هەر ئەویش ڕۆڵی سەرەکی لەم فیلمەدا دەگێڕێت. شایەنی باسە، ئەکتەرەکان لەهەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆ ئەم فیلمە هەڵبژێردراون، بە وتەی دەرهێنەریش ئەم کارە بە ئەنقەست نەبووە، بەڵکو ڕێکەوت بوو، ئەوەش بۆتە مایەی دڵخۆشی کارگێڕانی فیلمەکە. دەرهێنەری فیلمەکە سەبارەت بە ماوەی کورتە فیلمەکە دواو گوتی: ماوەی فیلمەکە ١٣-١٤خولەك دەبێت، نامانەوێت لە ١٥ خولەك تێپەڕ بکات، چونکە ئەو فیستیڤاڵانەی دەمانەوێت تێیدا فیلمەکەمان لە جیهاندا نمایش بکەین پێیان باشە فیلمەکە لە ١٥ خولەك کەمتر بێت. (هەرچەندە (من سامی-م) کورتە فیلمە، بەڵام ئێمە بەکارێکی گەورە سەیری دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەش ١٦ فیلمکاری پرۆفیشناڵی بەریتانی شان بەشانی ٢٥ کادیری بەتوانای کورد لە پشتەوەی کامیرا کار دەکەن) کەی بەهار وای گوت. ماوە بڵێین، شارۆچکەی مەخموور لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکراوە بۆ شوێنی وێنەگرتنی فیلمەکە کە ڕۆژی پێنجشەممە دەست بە وێنەگرتنی کراو لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی بەرپرسانی سیاسی و رۆشنبیری و هونەری هەرێمی کوردستان و چەندین ڕۆژنامەنووسی دەزگاکانی راگەیاندن پرس و را ئالوگۆڕ کرا سەبارەت بە کارو چیرۆکی فیلمەکە. بەرپرسانی شارۆچکەی مەخمور زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە کادیرو ستافی فیلمەکە کردووەو تەواوی ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ هاوکاریکردنیان لە پێناو سەرخستنی فیلمەکەو خۆشحاڵیی خۆیان پێگەیاندن بەهۆی دەستنیشانکردنی شارۆچکەکەیان بە سازدانی فیلمەکە. ماوە بڵێین، بەرپرسانی سیاسی و هونەری لە هەرێمی کوردستان پاڵپشتیی خۆیان بۆ ئەم کارە دەربڕیوە، کە بەوتەی پسپۆرانیش وێنەگرتنی ئەم فیلمە لە شارو دێیەکانی کوردستان و بە ئەکتەری کورد بەرەگەز کورد، دەبێتە دەروازەیەك بۆ هاتنی گەورە کۆمپانیاکانی بواری دروستکردنی فیلم بۆ هەرێمی کوردستان و گەیاندنی کێشەو ئازاری کورد لەسەدەی رابردوو بۆ بەرچاوی وڵاتانی جیهان.

